# شاری شین

سیروان کاروانی

ئەو ساتەی دڵ لە لێدان وەڕەس دەبێ
ئەوە هەواڵی کزی تۆیە
لە پشتی زاگرۆسە ڕەشداگەڕاوەکانی
حەسرەتەوە دەبیسرێ
کاتێ مێشک بێ سنوور شەکەت دەبێ و
ئارەزووی ناو شەبەنگێکی
بێ چرپە دەکات
ئەوە زامی ناسۆری تۆیە
بە جەستەی تەمەنەوە زاخاو دەرێژێ
هۆ شارستانە قەرەباڵغەکەی ئەڤین
لە چاوی گەدا هەرە بێ نەواکانەوە و
بە جلی شڕوپڕی تەمەنەوە
ئامێز بە شۆستە چڵکنەکانتدا دەکەم
لە پۆشاکی دایکە ڕەشپۆشەکانی گەڕەک و
بە قوڵاییی ترپەی دڵمەوە تێت دەڕوانم
ئەی شارستانە قەرەباڵغەکەی ئەڤین
بە ئومێدی ئەو هەزاران ئاوارانەوە
بەرەو پیریت هاتووم
کە لەژێر چادرە بێ ڕایەخەکان و
گەردەلوولی ناهومێدیدا
دەوری شاری شینیان تەنیوە
بە شاکاری جوانی ئەو کچۆڵە
بێ گوناهانەوە هاتووم
کە لە ڕۆژگارێکی تووشدا
ناجوامێرانە ناونووس کران و

له سەردەمی گوتاری تەوردا
بە کۆمەڵ ڕاپێچ کران و
لە سێبەری فەرمانێکی شمشێریدا
بە شێخی گۆڕستانان فرۆشران

هۆ شارستانە قەرەباڵغەکەی ئەڤین
قینم لەوانەیە
دوڕندەکانیان بە مرۆڤ پێناسە دەکرد
قینم لە ژمارەی ئەو بڕیارانەیە
کە یاسای شمشێر بە ناوی عەدەد دەری دەکرد
قینم لەو وشە ناشایستانەیە
کە بەزۆرەملێیی پەخشیان دەکرد
قینم لەو شۆفلانەیە
کە کوێرانە قەڵای جەرگەی شاریان تەخت کرد
قینم لەو ئۆتۆمبیلانەیە
کە عەبەنووسەکانیان بە کۆلاناندا پەرت دەکرد
قینم لەو ڕستانەیە
کە کوردیان پێ حاڵی نەدەکرد
بمبوورە ئەی شارستانە قەرەباڵغەکەی ئەڤین
من دژی وشە و ڕستە و مرۆڤ نیم
من لە ئاست زەمانی گایاسای شمشێر و
نوێکردنەوەی فەرمانی تاریکیدا بەقینم

کەرکووک، 2004.10.17